

# خەڵك و دەسەڵات كامیان توندوتیژن

سەرەتا دەمەوێت پرسیارێكی كراوە ئاڕاستەی دەسەڵات بكەم ، ناتوندوتیژی چۆن و بەچی شێوەیەك ڕادەگیرێت و پایەدار دەبێت و دەبێتە كلتوری ؟
كلتوری توندوتیژی و كلتوری ناتوندوتیژی ، یان توندوتیژی و ناتوندوتیژی . دالیزمێكن هەمیشە لەبەرامبەر بەیەك بەكاردێن . زۆرجار دەسەڵات و زۆرجار ئۆپۆزسیۆن و چالاكەوانی بواری كارە مەدەنیەكانیش تەركیزی دەكەنەسەر . بەڵام دەبێت جیاوازی بكەین لە نێوان ئەوەی كێ و بەچی مەبەستێك ، ئەم ئاماژەیە لە بەرامبەر كێدا بەكاردەبات ؟ یان مەبەست و ئامانجی چیە لەبەكارهێنانی ؟ یان ئەو واتایەی ئەو پێیان دەبەخشێت یانی چی ؟ .
بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی توندو تیژی یەكێك بووە لە عونسورەكانی گۆڕان ، بەهەردوو بارەكەدا چاك و خراپ ، بەوەی چ دەسەڵات و چ جەماوەر یش توانیویانە لەم ڕێگەیەوە خواستەكانی خۆیان بسەپێنن . بەڵام جیاوازییەكە ئەوەیە یەكێكیان مەحروم بووە و ئەویتریان مەحرومكەر ، یەكێكیان فشاری هێناوە و ئەویتریان تەسلیم بووە . بەم مەعنایە پەنابردن بۆ ئەم چەمكە جیاوازە .بۆ یەكێكیان ئیجبارییە و بۆ ئەویتریان ئیختیاریە .
ماوەیەكە لە كوردستان هەندێك جوڵانەوە بەتایبەتی لەلایەن گە نجانەوە جوڵە و بزوانی تێكەوتوە ، بەئاڕاستەی بەدەست هێنانی خواست و داواكاریەك بە سەبەبی مەحرومیەتێك كە ئەم توێژە تیایدا دەژی . لەم پێناوەشدا لەبەرامبەر ئەمەدا بۆ بەرگرتنی هەرچی زیاتر بەم جوڵانەوەیە دەسەڵات ، كۆمەڵێك ووتە و ئاماژە بەكاردەبات دیسان بەئامانجی ڕازیكردن و دورخستنەوەی هەركەسێك لە چەقی ئەو كێشەیەی كە بەدەستیەوە گرتوە . یەكێك لەوانە بونی دەستێك لە پشت هەر جوڵانەوەیەكەوە كە لەدەرەوەی دەسەڵات بێت ، تۆمەتباركردن بە گێرە شێوێن و تێكدەر ، وە ئیبراز كردنەوەی كۆمەڵێك نیوە جوملەی لەچەشنی كلتوری توند و تیژی و كلتوری ناتوند و تیژی . توندكردن لەزیندان و پاكتاوكردنی نەیارانی ئەحزابی دەسەڵات دار بەبیانوی تیرۆر بە بەكارهێنانی ئاماژەی قەلاچۆكردنی تیرۆر .
لێرەوەیە كە دەسەڵات دەیەوێت هەر جوڵانەوەیەك ، بزوتنەوەیەك ، نارەزایەتیەك ، كەدڵخوازی خۆی نەبێت ،بە یەك ڕەنگ بۆیاخ بكات و بڵێت ئێوە تێكدەرن ، گێرەشێوێنن ، نازانن داواكانتان ئاڕاستەبكەن ، نازانن داوای مافی خۆتان بكەن .ئەو شێوازەی ئێوە داواكانتانی پی دەردەبڕن ناتەندروستەو ئانارشیستانەیە ، لەدژی بەرژەوەندیە

باڵاكانی نیشتیمان و نەتەوەكەماندان ( واتا لەگەڵ خواست و ئاما نجەكانی دەسەڵاتدا هاوجوت نایەتەوە ) ، بەیەك ووشە توندوتیژە ، وە دورە لە شێوەی داواكاری مەدەنیانە و دیموكراسیانەی سەردەمەوە .

بەڵام ئایا خودی دەسەڵات خۆی چی ؟ خۆی توند و تیژ نیە ؟ وە چەندە دیموكراتی و مەدەنیە ؟ چەندە دەسەڵاتێكی سەردەمیانەیە ؟ دەزانێت وەڵام بە خواستەكانی خەڵك بداتەوە ؟ تاحەق بداتە خۆی بڵێت ئێوە ئەی جەماوەری خەڵك توندو تیژ مەبن ، ئایا كاتێك ئەم ئاماژەو ووتانە بەكاردەبات خۆیی پێ پێواوە ؟ بۆیە دەبینین ئەم جۆرە لە تەبلیغ و قسە هاوجوت نایەتەوە لەگەڵ واقعدا بەڵكە بۆ ئاوەژوو كردنەوەی ڕاستیەكان لەلایەن دەسەڵاتەوە بەكار دەبرێت .

سەرەتای هەر داواكاریەكی جەماوەری لە واقع و گرفتێكی حەیاتیەوە سەرچاوەی گرتوە ، وەكاتێك ڕوبەڕوی دەسەڵات دەكرێتەوە بە شێوەیەكی سادە و لە فۆڕمێكی ناتوند و تیژدا پیشاندەدرێت . پێشكەش بەدەسەڵات دەكرێت یان دەدرێت بەگوێیدا . هەرچەندە واقعی و كاریگەریشبێت بە حەقی ژیانی ڕۆژانەی داواكارانی ، بەڵام ئەم داوایە پشت گوێ دەخرێت و بەچاوی ئیعتیبار لێی ناڕوانرێت ، ئایا ئەمە توندوتیژی نیە بە حەقی خەڵك ؟ یان توندو تیژی بەرهەم ناهێنێت ؟ لێرەوەیە كە كلتوری ناتوندو تیژی دەچێتە ژێر پرسیارەوە . كە خودی دەسەڵات بانگەشەی بۆ دەكات . ئایا لەم بارەدا بۆ وەرگێڕانی ڕوی دەسەڵات بۆ لای ئەسڵی كێشەكە ، بۆ سە پاندنی داوایەكی ڕەوا ، دەست بردن بۆ توندو تیژی ڕەوانیە ؟ یان ناچاری نیە ؟ لە لایەن خەڵكانی ناڕازی و مەحرومەوە .

سەیرە كاتێك دەسەڵات خۆی هەڵگر و پارێزەری توندو تیژی بێت ، بە پێی ڕا پۆرتەكانی چاودێرانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەكگرتوەكان و ڕێخراوە لۆكاڵیەكانیش . وە ئێمە خۆمان شاهیدی ئەوەین كە نابەرابەری لە چ ئاستێكدایە و توندو تیژی یانی چی و چۆن مومارەسە دەكرسێت لەم جوگرافیایەدا . دەسەڵاتێك كەئەمە حاڵی بێت چۆن دەتوانێت بەدەرەوەی خۆی ( خەڵك ) بڵێت ئێوە ناتوند و تیژبن . تەنها ئەشكە نجەدانی ناو زیندان و هەڵواسین و نینۆك دەرهێنان و پێكادانی بەرەكانی جەنگ توندو تیژی نیە ، هەموو دابڕان و مەحرومكردنێك توندو تیژیە ، چونكە لە ژێر زەبری هێزدا كەسێك یان چەند كەسێك یان كۆمەڵگایەك ناچار دەبێت دەست بەرداری بەشێك یان زۆربەی حەقی موسولەمی خۆیانبن . لەبەرامبەریشدا كەسی مەحروم مافی خۆیەتی هەوڵبدات ، تەقەلابكات ، خەبات بكات ، بێتە مەیدان بۆ گێڕانەوەی ئەوەی لەدەستی داوە . بۆ یە بەكارهێنانی موفرەدەی لەم چەشنە هەمیشە لە ژێر پرسیاردایە .

لە وولاتێكی وەك فەڕەنسادا ئێمە شاهیدی چەندین ڕوداوین ،كە بەم دواییانەدا ڕویاندا ، خەڵك لە بەرامبەر كۆنسەرڤاتیڤێكی وەك ساركۆزیدا ناچاربوون زۆر بەتوندی پەنابەرن بۆ توندوتیژی ، بۆ ڕتكردنەوەی خواستی ساركۆزی ، بەمەبەستی سە پاندنی داواكاریەكانیان . تاوایان كرد ساركۆزی پاشەكشە بكات ، خۆ ئەگەر كار بەم حاڵە نەگەیشتایە ، ئایا موحافزەكارێكی وەك ساركۆزی خواستی خۆی نەدەسە پاند ؟ لە فەڕەنسایەكدا كە ڕیشە دارە بە كلتوری دیموكراسی و ئازادی و ناتوند و تیژی ، وە خواست و ڕەئی خوڵك مەرجەعە . بۆ خەڵك ناچاردەبن بە توندترین شێوە ڕوبەڕوی دەسەڵات ببنەوە ؟ .

لێرەوە دەسەڵات بە بەكارهێنانی ئەم گوتانە دەیەوێت ئاڵوگۆڕێكی وەزیفی پێكبهێنێت ، وە ئەم زاراوەیە سەرانسەری لە بەرامبەر هەر جوڵانەوە و ئالگۆیەكدا بەكاربىات كە بۆنی ئیعترازی لێبێت . خەریكە وای لێدێت هەرخواست و ناڕەزایەتیەك ئەگەر پێك بێت ترسنۆكانە خۆی لەوە دەپارێزێت كە بە بزوتنەوەیەكی توندو تیژ پێناسە نەكرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە . بۆ یە ڕەواج بەبەكارهێنان و فراوان بونەوە و ئیبرازكردن و ووتنەوە و دووبارە كردنەوەی ئەم چەمكانە دەدات . بەشێوەیەك كە ئەم جۆرە لە كارنامە هیچ خزمەتیش بە كێشەكەی نەكات و وە دواجار ڕەنگە لە ڕاستی

کێشەکەیشی دایبڕێت ، کەچی ڕەوایەتی پێدەبەخشێت . ئەمە جێگۆڕکێ کردنی ئەو کارەیە کە دەسەڵات دەیکات . ئێستا بزوتنەوەکان لە خەمی ئەوەدان بە بزوتنەوەیەکی بەدڵی دەسەڵات پێناسە بکرێن . لە کاتێکدا مەرج نیە ئەمە وابێت ، بەڵکە گرنگتر ئەوەیە هەربزوتنەوەیەك چەندە واقعیە و چی واقعێکی بەدەستەوە گرتوە . شەرعیەتی لە چی وەرگرتوە . وە داوای چی دەکات ؟ چەندە خزمەت بە خەڵك دەکات ؟ .

هەرگیز کارێکی تەندروست دەرنەچووە ، کاتێك بەشێوەی کارلێکی گەرم مرۆڤەکان بەریەك کەوتن یان سراعیان کردبێت . چونکە لانی کەم ژمارەیەك مرۆڤ لەم میانەدا لەبەین چوون و ژیانیان لەدەست داوە . ئەوکاتەشی لە ئە نجامدا ئەگەر خواستێك یان مافێك بەدەست هاتبێت و دەستەبەر کرابێت ، ئەوا زەرییە و باجەکەی بەخشینی گیانی چەندان مرۆڤ بووە ، کە بەئومێد و هیوایەکەوە هاتونەتە مەیدان بە خواستی ژیانێکی باشتر . لە ئاکامدا نەك هیواو ئومێدێك بەڵکە خودی ئالاَ هەڵگرەکەشی تیاچوو نەما . هەربەم مەعنایە مرۆڤ کاتێك پەنا بۆ توندو تیژی دەبات گرەو لەسەر حەیاتی خۆی دەکات ، لەسەر مەرگ و ژیان ململانەدەکات ، بۆیە هەمیشە هۆکارێك یان چەند هۆکارێك هەیە ناچاری بکات تا هەوڵ بۆ گۆڕینی بدات . چونکە واقعەن ژیانی بۆتە دۆزەخ ، واتە ئەو پاڵنەرە هێندە بەهێزە ژیانی لای ئەم مرۆڤە بێنرخ کردووە ، بۆیە سەنگەر لە ژیانی خۆی دەگرێت بە ناچاری . لێرەدا کاری ئێمە ڕەوایەتی بەخشین نیە بە توندو تیژی ، بەڵکە دەمانەوێت بڵێین بۆ چی مرۆڤ ناچاردەکرێت پانابەرێتە بەر توندو تیژی . ئایا کارێکی حەتمیە یان ئیمکانی ڕاگرتن و گۆڕینی هەیە بەبارێکی تردا .ئەگەر ئیمکان هەیە چۆن و بەچی شێوەیەك . کەواتە ڕۆشنە بۆ چینی ژێر دەستە و دابڕا و لەدەسەڵات توندو تیژی ناچاریە نەك ئیختیاری ، پێچەوانەکەشی ڕاستە . بۆیە ئێمە دەبێت بۆ جومگە و ڕایەڵە ئەسڵیەکانی ئەم ئیجباری بوونە بگەڕێین .

بەبڕوای من لێرەدا دەسەڵات هۆکاری سەرەکی و یەکەم و گەورەیە ، وە بەرپرسیارە لە هەر توندوتیژیك کە بوونی هەبێت لە لایەن خۆی و دەرەوەی خۆیشیەوە . بەوەی کە مۆنۆپۆڵی هۆکارەکانی بردنە پێشەوەی ژیان و مانەوەی کردوە بۆ خۆی وە دەستی بەسەر سەروەت و سامانی وولاتدا گرتوە ، وە زۆرینەی کۆمەڵگای لێ مەحروم و بێبەش کردووە . ئامادەش نیە تائەوجێگایەی بۆی بکرێت هیچی لێبداتە کەس ، بۆ پارێزگاریکردنیشی ئیمکاناتی فراوانی ڕاگەیاندن و مادی و مەعنەوی و ئاسایش و پۆلیس و موخابەراتی تادەگات بە ئیمکاناتی سەربازی و داڕشتنی یاسا و کارپێکردنی ، هەموو ئەمانەی لەبەردەستدایە و بەرگری سەختیش دەکات لەم پێناوەدا ، بەشێوەی جۆرا و جۆر بە توندوتیژیشەوە . بەلاَم بۆ ئەوەی تەوازنی هێز هەمیشە بە قازانجی خۆی بهێڵێتەوە ئەوا بەشێك لە کارەکەی ئەوەیە کە پێشتر باسمانکرد . خەڵك بۆ وەرگرتنی بەشی خۆی لە سەروەت و سامانی وولاَت داوادەکەن ، وە ئاسایی و چاوەڕوان کراویشە وە حەقی تەبیعی خۆشیانە داوابکەن وە تەنانەت لە دەسەڵاتی بسەنن ئەگەر بەشێوەیەکی توندو تیژیشبێت . چوونکە داوای حەقی لەبەین چووی خۆیان دەکەن کە بۆ یان بگەڕێتەوە . ئەمەیە جومگەی ئەسڵی توندو تیژی و ناتوندو تیژی .خۆئەگەر دەسەڵاتیش بیەوێت هەردوولای ئەو هاوکێشەیەی کەدایناوە لە نێوان خۆی و خەڵکدا وەك خۆی بهێڵێتەوە و بیپارێزێت ، لێرەدا ناتوند وتیژی قسەیەکی پەشمە نایخوات شتێك ناکات بۆ کەس ، چواندنی خۆپیشاندان و داواکاری و ئیعتراز بە ئاژاوە و توندو تیژی . مەبەست لەوەیە لە بنەڕەتەوە ئەمانە هیچی ئەسڵەن هەر بونیان نەبێت ، لێرەوەیە کەدەسەڵات دەیەوێت مەشروعیەت و ڕەنگ بدات بە ناتوندوتیژی یان بەم مەبەستە بەکاری دەهێنێت . وە دەیەوێت شەقامێکی یەك ئاڕاستە ڕەنگ ڕێژ بکات کە ڕێگە و دەرفەت بە گەڕانە و ئاڕاستەی پێچەوانە نەدات .

كەواتە كلتوری ناتوندو تیژی لای دەسەڵات واتای كوشتن و خنكاندنی نارەزایەتی ، دەبێت ئەوەش بزانین دەسەڵات تا هەست بە خەتەرێكی گەورە و ترسناك نەكات لە لایەن خەڵكەوە ئاوڕ لە هیچ خواستێی جەماوەری و نارەزایەتی ناداتەوە وە وەڵام بە شتێك ناداتەوە بە ئاسانی مەگەر فشارێك هەبێت . كاتێك هەستی كرد واخەریكە ئەگەری لەدەت دانی شتێكی هەیە ئەوكات دێتە پای ئەوخواستە .

كەواتە بۆ پایەداربوونی ناتوندو تیژی و كردنی بەكلتور لە كۆمەڵگادا ، بە غەیری گۆڕانی مادی مەلموس و گەڕانەوەی عەدالەتی كۆمەڵایەتی و دابەشكردنی سەروەت و سامانی كۆمەڵگا بەشێوەیەك سەرجەم تاكەكانی نێوكۆمەڵگا لێی بەهرەمەندبن ، ئیمكانی نیە ئەم قسەیە بەشوێنێك بگات بچێتە گیرفانی كەسێكەوە ، ئەمەیە مەتریاڵی ئەسڵی و پایەی ڕاگری ناتوندو تیژی لە كۆمەڵگادا ، یان ململانە لەسەر ئەمەیە .توندو تیژی دەرە نجامی نەمانی عەدالەتی كۆمەڵایەتیە . بۆ گێڕانەوەشی هێزێكی عەسكەری زەبەلاح پێویست نیە، بەڵكە تەنها هێزێكی ئەخلاقی و فكری وا پێویستە كە بڕوای بەوە هەبێت سەروەت و سامانی ووڵات بەتەنها موڵكی چەند فەردێك نیە و بەس ، بەڵكە دەبێت سەرجەم ئەو فەردانەی لەسەر ئەم خاكە ژیان دەكەن لێی بەهرەمەندبن ، تاناچار نەبن بە شێوەییەكی توندوتیژ دادابكەن ، پێداگری بكەن لە بەش و مافی خۆیان .

نیا كامیل

